**هاروهاج!**

--------

منداڵێکی هاروهاج و شەڕانییە. هەر ئەوەندە و بڕایەوە. کەس نەیدەپرسی بۆ؟ ڕۆژێک شۆفیری ئۆتوبووسێک، لە بەر دەرکی ماڵەکەیان مراوییەکی وەبەردا، ڕانەوەستا، پڕ گاز بۆی دەرچوو. ژنێکی جیرانمان گوتی" ئەیەڕۆ خۆ مراوییەکەی کوشت". هەر ئەوەندە و بڕایەوە. ئەو هەتا گەراج بە شوێنیدا ڕایکرد، کورد گوتەنی دەردی سەگانی دایە و پووڵی سۆنەکەشی لێئەستاند و هێنایەوە بۆ خاوەنەکەی. ئەو دەم تەمەنی لە دوازدە تێنەپەڕی بوو. فێربووبوو مافی خۆی بە دەستی خۆی وەرگرێ. گوێڕایەڵی باوک و بەرپرسانی خوێندنگەش نەبوو. لە سەر ئەو منداڵانەی دەکردەوە کە گاڵتەیان پێدەکرا، یان ئازار دەدران، بە تایبەت ئەو کەسانەی لە گوندەکانەوە بۆ خوێندن دەهاتنە شار. ناویان نابوو، حەسەنە گیسکە! منداڵێکی توند و تۆڵ و پشت ئەستوور بەخۆ.

ئەو کەسەی لە ماڵ و لەدەر و لە خوێندنگە مۆری هار وهاجی لە ناوچاوان درابوو، کۆپی کەس نەبوو. کە نەسیحەتیان دەکرد، هەر ئەوەیان پێدەگوت" ئەتۆ بۆ لە کەس ناچی؟" دەیانویست ئەویش وەک کەسانی دیکە بێ، کورد گوتەنی" عاقڵ" بێ. کە عاقڵ نەدەبوو، دارکاریان دەکرد، لە خوێندنگە دەستیان ڕەش و شین دەکردەوە، قیت قیت دەوەستا و سەیری "مامۆستا"، " مودیری مەدرەسە" و "نازمی" دەکرد، هەتا لە دارکاریکردنی نەجاتیان دەبوو، ئەو تەنانەت دڵۆپێک فرمێسک نەدەچرژایە ناو چاوی. دەنگێکی فرە خۆشی هەبوو، نەقاشییەکانی کە هەر هەمووی ڕەش و سپی و قەڵەمکێش بوون، جیهانی ناوەوەی ئەو و گرژییەکانی کۆمەڵگای دەوروبەری ئەوی دەردەخست. مرۆڤێک کە هەر لە منداڵییەوە کەتبووە دەرەوەی بازنەی "کۆمەڵگای ئاسایی"!

حەزی لە سینەما بوو، لە فیلم دا جیهانێکی جیاواز لە جیهانی ڕۆژانەی دیتبووە، ئاڵبوومی فیلمی هەبوو. لەو سەردەمەدا منداڵان و لاوان، وێنەی فیلمەکانی سینەمایان لە ڕۆژنامەکان دەردێنا و پشتیان سرێشماڵ دەکرد و بە لاپەڕەیەکی ئاڵبۆمەکەیانەوە کە دەفتەرێکی ئاسایی بوو، دەچەسپاند. ئەو وێنانە لە نێوان خێڵی خاوەن ئاڵبۆم، دەستاودەست دەگەڕان و دەکڕدران و دەفرۆشران. لەبیرمە وێنەی فیلمی "سەنگام" بە گران دەفرۆشرا و هەرکەس ئەوەی هەبا، نرخی ئاڵبۆمەکەی و پرستیژی خۆی گەزگەز باڵای دەکرد. سینەما ئەوی لە گێرەوکێشەی ڕۆژانە دوور دەخستەوە، لە ناو کەسانی ناو فیلمەکاندا دەژییا و دەوری ئاکتۆرەکانی دەگێڕا، زۆرجار من تەنیا بینەری کارەکانی بووم.

"هاروهاج" پەخسیری مێشک و ئیدە و لێهاتوویی خۆی بوو. زۆرجار هەست بە بوونی نەدەکرا، لە قوژبنێک دەخزیی و لە پڕێکا دەردەکەوتەوە و کارێکی نوێی نیشان دەدا. باوەشێنی بە باتری، پرۆژێکتوری نیشاندانی فیلم بە زەڕەبین و قتووی کەوش و باتری و ئەو کوتە فیلمانەی سینەما، خۆشی لە جیاتی ئاکتۆرەکان قسەی دەکرد، شوێنی نیشاندانی فیلمەکانیش، یەکێک لە ژوورەکانی ژێرخان بوو. ڕۆژێکیان لە سەربانی متبەخ تەختە و مشار و چەکوش و بزماری هەڵڕشتبوو. نەخشەی ماشێنکی لە سەر کاغەز کێشابووەوە، گوتی، ماشێن دروست دەکەم. لە بیرم نەماوە کە منی چەند ساڵ لەو بچکۆلەتر، بە دیتنی کارەکانی ئەو چ هەست و بیرێک دایدەگرتم، تەنیا دەزانم بەردەوام بە شوێنیدا دەکێشرام و ڕەنگە هیچکات بیرم لەوە نەکردبێتەوە، کە ئەو جیاوازە، نەشمدەزانی ئەو هەموو ئیدە و ئینێرژی و نەسەرەوتنە چۆن هەمووی لەودا کۆبۆتەوە و کەسێکی "هاروهاجی" لێ پێکهێناوە. ئێستا دەزانم باپیری لە سەردەمی خۆیدا یەک لە ناودارانی نەخشە و فەڕش و تەونگەریی لە ئازەربایجان و کوردستان و ئێران بووە. کاتی خۆی فەڕشێکی زەریف کە قورسایی و گەورەیی بەقەرا بەڕماڵێک بووە، بۆ مەحموودئاغای ئیلخانی چنیوە، ئەو بە دیاریی بۆ شیخی نەخشبەندی ناردووە، شێخ کە چاوی بە فەڕش کەوتووە، فەرموویەتی ئەوە "خەڵاتی شاهانەیە" و دەیکاتە خەڵاتی پاشای عەڕەبستان!؟ ئایا نەخشەکێشانی لە باپیرییەوە بە میرات پێگەیشتبوو؟

ماشێنی سەرتاپا تەختە پاش یەک هەفتە ئامادە کرا، تەگەر و فەرمان و هەموو ئەوانەی هەبوو، بەڵام بە بێ بێنزین و نەوت و بەرق چۆن بڕوا؟ وەستا فەرمووی"من سواری دەبم، تۆ پاڵی پێوەنێ". کە زانی لالوتم، گوتی " پێداڵی بۆ سازدەکەین وەک دووچەرخە". ماشێنمان هێنایە ناوەڕاستی خەیابانی سەقز کە ئەو دەم قیرتاو نەکرابوو و کورد گوتەنی هەزار چاڵە گەنمی تێکەوتبوو. هەرچەند سیگناڵ و چراشی نەبوو، بەڵام ماشێن بوو، بە پێداڵ و بە پاڵپێوەنان دەچووە ڕێ، منداڵی گەڕەک پاڵیان پێوەدەنا و ژنانی گەڕەک دەهاتنە سەیری.

ساڵ هات و چوو، لە ناکاو گووم بوو، لە پڕ دابڕا و لە ژیانی من و کۆڵان و شاردا نەما، ئەو وەک مەل فڕیبوو، هێلانەکەی بە چۆڵی بەجێ مابوو، کەلێنێک کەوتبووە ناو ژیانی من! ئەو کە هەڵقەندرا ڕێگا بۆ هەڵقەندنی منیش خۆش کرا!

ساڵانی دواتر کە ئیتر هیچمان منداڵ نەمابووین، بە گێڕانەوەی چیرۆک کەلێنەکانمان پڕ دەکردەوە، پێمانوابوو، کەلێنەکان پڕ دەکەینەوە! کاتی گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە، ڕوخساری هەم دەگەشایەوە و هەم خەمێکی قووڵ دایدەگرت.

ڕۆژێک لە زیندانی کەرەج پاسەبانێک بە زمانی کوردی لێی دەپرسێ "ئەتۆ کوڕی فلان کەسی؟ من دەناسییەوە؟" پاسەبان ویستبووی دەستی زیندانی ماچ بکات، هەر لەو کاتەدا بۆی گێڕابووە" ئێمە جیران بووین، دایکت هەموو سەردەمی منداڵی ئێمە، یارمەتی دایکم و ئێمە سەغیرەکانی دەکرد، تا ئێستا کە بۆتی دەگێڕمەوە، کەس بەو بەسەرهاتەی نەزانیوە"

لە سەردەمی ڕووخانی محەممەد ڕەزاشا چەکێکی زۆری بە هۆی ئەو پێوەندییانەی هەیبوو، دەست دەکەوێ. لە ڕێگای چەند دۆستێکی کە هاتوچۆی مەهاباد و تارانیان دەکرد و تانکێری نەوتیان لێدەخوڕی، چەکەکان بۆ حزبی دێموکرات دەناردران، دێموکراتی ئەو سەردەمەی خۆش دەویست، ڕەنگە بە بۆنەی خاڵییەوە. خاڵۆی دێموکراتی سەردەمی قازی بوو، کاتێک ژاندارم ڕێگای سابڵاخ و بۆکان دەگرن و هاتوچۆ ئەستەم دەبێ، خاڵۆی نێوان حەمامیان و بۆکان بە مەلە دەبڕێ بۆ ئەوەی پەیامی حزب بگەیێنێ. ساڵی ٤٦ و ٤٧ دەیگرن و لە تەویلەی پادگانی توونـد دەکەن. خاڵۆی هەتا ئەو ڕۆژەی هەناسەی بۆ فڕینی کەوەکان وێستا، سوێندەکەی خۆی نەشکاند!

ڕەنگە شەڕوشوڕییەکەی چووبێتەوە سەر باوکی. مەحموودئاغای ئیلخانی حوکمی لەسەر دەکا کە بە نیوەشەو بچێت و لە شار،غورابی تەورێزێ بۆ بێنێ. جوابی ناداتەوە و گوندبەدەر دەکرێ و کاتێک دێتە شار، دەستوپێوەندەکانی ئاغا لە خەیابانی کۆنە، دووکانەکەی لێ ئاور تێبەردەدەن. پیاوێکی شەڕ وشووڕ بوو، جار ماقووڵەکانی شار دەبوونە میوانی و جار کورسی بەسەری ڕیپسی ژاندارمەری دادەدا و جار ڕاپێچی ساواکی سابڵاخ دەکرا، جار شاعیری ئەو سەردەمەی جواب دەکرد، کە پارەیان بۆ درووستکردنی پەیکری محەممەد ڕەزاشا کۆدەکردەوە، تەرکی مزگەوتی دەکرد بۆ ئەوەی لە پشت ئیمام جومعەی شاپەرەست نوێژنەکات. بۆشی گرنگ نەبوو پاسداری ئیسلام یەک مانگ دوکانەکەی قوفل و بەند بکەن، هەر لەبەر ئەوەی دووکانەکەی بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ تیرۆری ڕابەرێکی کورد داخستبوو. کوتە قوماشێک بە دوکانەکەیدا هەڵدەواسن و لە سەری دەنووسن،" بە هۆی زییدی ئینقلابیبوون، ئەو دووکانە داخراوە". باوک و خاڵ هەر کیان سازی ناساز وهاروهاج بوون و تاوانی هاروهاجی لەو دەدرا!

ماڵەکەی لە تاران تەنیا شوێنی کەسانی شەڕوشووڕیی وەک خۆی و داڵدەگەی ئەم و ئەو نەبوو، بەڵکوو شوێنی ئاکتۆرەکانی سینەماش بوو. ڕۆژێکیان لە ماڵەکەی خۆی قەرارێکی لە گەڵ چەند نەفەر لەوانە بۆ دانابووم، ئەوان چەند فیلمێکی خارجی و فیلمێکی ئێرانی بڵاونەکراوەیان هەبوو، دەیانویست بە سناریۆی ئینقلابی دایڕێژنەوە و وەک فیلمێکی تازە دەرخواردی بازاڕی سینەمای سەردەمی خومەینی بدەن. ئەو دیدارە بووە هۆی ئەوەی شەریکەکەی شانۆ و سینەمای ئێمە و ئەوان پێوەندی لە گەڵ یەک

بگرن. بەڵام ماڵەکەی ئەو لەوەش زیاتر ببووە مەقەڕی کوردەکان لە هەموو تیرەکانی سیاسی، هەر بەیانی و نیوەشەوێک لە گەڵ گەیشتنی ئوتوبووسی شارەکوردنشینەکان، ماڵەکەی ئەو دەرگای دەکوترا. تا ئەو شەوەی هێرش بۆ سەر ماڵەکەی دەبەن و ڕاپێچی زیندانی ئەوینی دەکەن.

دواتر کە ئازاد کرا، لە جیاتی ئەوەی لێم تووڕە بێ، کە لە جیاتی من گرتوویانە، ماچی کردم. لە زیندان ببووە هاوژووریی چەند کەس. کاتێک کە دەزانن کوردە، پێیانگوتبوو ئێمەش کوردێک دەناسیین، کاتێک ناوی نووسەری ئەم دێرانە لە زاری ئەو دۆستانەوە دەبیستێ، دەگەشێتەوە. ئەو هەموو ژیانی لە تاران وەک کورد ژیابوو، بە حەسەن کوردە بانگیان دەکرد. هاوبەندییەکانی لە زیندانی ئەوین دواتر گولەباران کران.

ساڵ هات و چوو، دواجار لە ماڵی خوشکم لە تەورێز بینیم، کەیفخۆش بوو کە گەڕاوەتەوە شارەکەی. نیوەشەوێک لە هەندەران لە خەو ڕاچڵکیم، هیوادداربووم ئەمجارە وەک جارانی پێشوو نەبێ. هەر بەو نیوەشەوە ڕامکردە دەرێ و خۆم گەیاندە تەلەفون، بەڵام بەو نیوەشەوە کارێری گچکەشارێک کوا زرینگەی لێوە دێت؟ خزم و ناسیاو لە شارەگەورەکانیش لە خەودابوون. وەک ئەوەی کەسێک پێم بڵێ، تەلەفونم بۆ دۆستێک لە سوئێد کرد.

سی ساڵ لە تەمەنی تێپەڕیبوو. دواتر هەر ئەو چیرۆکانەی کە لە زیندانی کەرج و شوێنی تر بۆ ئەویان گێرابووە، لە سەر ئەو بۆ ئێمەیان دەگێرایەوە. حەسەن کوردە سازی ناساز نەبوو، ئەو هەر ئەو ئاهەنگانەی دەژاند کە لە دایک و باوک و خاڵ و باپیر فێری ببوو، بەڵام ئەو ئاهەنگانە نەدەبیستران/

برایم فەڕشی

